# کەمهێنانی بوودجەو بەردەوامی نەهامەتییەکان

ئیبراهیم عەباس

ئەو هات و هەرایە بێ مانایەی حکوومەت و حیزبە باڵادەستەکان لەسەر کەمهێنانی بوودجەی ئەمساڵ نایانەوە، دڵساردییەکی زۆرو کۆمەڵەپرسیارێکی فرەی لەلای خەڵکەوە بەدوای خۆیدا هێناوە، وەلێ ئەوەی لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە، تا بەرپرس و وەزیرەکان لەسەر ئەم پرسە پتر دێنەگۆ، تا وەکو کاری باوی خۆیان هۆکاری شکست و بێ پلانی و بێ سیستەمییان لەملی خەڵکی و مووچەخۆرو فەرمانبەران دەئاڵێن، باوەڕ دەکەم دڵساردییەکە لای هاوڵاتیان زیاتر دەبێ و بەدووری نابینم ئەم نابەرپرسیارییە لەئاخوتندا، دواجار درزێکی گەورەتر لەوەی ئێستا لەنێوان دەسەڵات و خەڵک بەدوای خۆیدا بێنێت.

دەنگ هەڵبڕین و هاوارکردنی حکوومەت، ڕەنگە بەلای خۆیانەوە بەشەفافیەت و زانیاردان بەخەڵکی پێناس و حساب بکرێت و دووریش نییە منەتی پێ بەسەر هاوولاتیاندا بکرێت، وەلێ من و تۆو خواو خەڵکیش دەزانین ئەو کارە نەهیچ شەفایەتێک و نەهیچ ڕاستی و ڕاستگۆیەکیشی تێدایە، بەڵکو سەراپای کارەکە کردارو گەمەیەکە، جیا لەوەی بۆ پەردەپۆشی رووکەشانەی زۆر شت، لەمەودایەکی لەوە فراوانتریش بۆ بەپاک زانین و بێ خەتایی هەڵسوڕێنەرانی حکوومەت و کاراکتەری بەرزتر لەئەوانیشە. ئەم گەمەیە سەرەنجامەکەی وەکو ڕۆژی رووناک دەیارەو دەچێتە هەمان ئاراستەی گەمەکانی پێشووتری ( پارتی و یەکیتی ) بەجیاو بگرە گەمە هاوبەشە هەڵخەڵتێنەرەکانی ئێستایان، لەنموونەدا دەڵێم؛ زۆربەمان لەبیرمانە دوای ئەو پێکوەربوونەی کورد لەناوخۆیدا لەناوەندی نەوەدەکانی دوا دەیەی سەدەی ڕابردوو لەسەر پارەو دەسەڵات، حیزبەگەورەکان کردیان، ماڵوێران و کوشتارێکی زۆری بەدوا خۆیدا هێناو زەرەرێکی گەورەی لەدۆزی کورددا، ئەو شەڕە چ هۆکارێکی ناوازە بوو بەدەست دەوڵەتانی ناوچەکە بەسەددامی دیکتاتۆریشەوە، چۆن گەمەیەکی زیرەکانەیان بۆ برینەوەی کورد پراکتیزە دەکرد، چەک و تەقەمەنی و لەشکرەکانیان هەرجارەو لای لایەکی دوو حیزبە بەشەڕ چووەکەبوون و بەردەوام ئاگری شەڕەکەیان خۆشتر دەکرد، وەلێ دوای ئەو ماندووبونە زۆرەی پارتی و یەکێتی لەڕاوانی یەکتریدا کردیان و لەژێر ئەو فشارە زۆرەی ئیدارەی سەرۆک کلنتۆن، کاتێک شەڕی ناوخۆ بەکۆتا هات، بەرپرسە هەرە باڵاکان ویستیان زۆر بەسانایی سەرەنجامی هەڵگیرسانی شەڕو کوشتارو تەنانەت شکستی شەڕەکان و ئۆباڵەکەی لەملی خەڵکی باڵاێین و لەڕاگەیاندو کۆبوونەوە حیزبییەکان کاریان بۆ خۆ بەبێگوناهی کردن دەکردو بەجدی تێدەکۆشان لەبێ خەتایی، خۆیان تا ڕێزی فرشتە بەرن . باوەڕ دەکەم ئەو هەرایەی ئێستا حکوومەت دەیکات، دەخوازێت ئۆباڵی کەم هێنانی بوودجەو قەرزداریان بەبەهانەی زۆری مووچەو ڕێژەی بەرزی مووچەخۆران لەسەرخۆ لابەرێ، ستراتیژێکە سەرچاوەکەی لەهەمان خۆ بەفریشتەزانینی حیزب و سەرکردەکانەوەیە.

دەک ماڵی سودفەم ئاوانەبێ، کەهەموو جار ئۆباڵی شکست و نەهامەتییەکان بەئاسانی و بەچەند قسەیەک لەڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان لەمل سەرکردەو بەرپرسان دەکرێتەوەو هیچ نووسەرو ڕۆژنامەنووسێکی ئازادو هیچ ڕۆژنامەیەکی ئەهلی و ئازادیش کەپەیامیان بەرگری کردنە لەمافی هاووڵاتیان لەسەر ئەو کارە بەدەنگ نایەن و دواجار چەند پاساوێکی بەرپرسان لەبێ زاکیرەیی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسان لەهزری خەڵکی دەچەسپێن.

ئەگەر ڕاست بێت هۆکاری ئەو کەم هێنان و قەرزداری حکوومەت مووچەخۆرو فەرمانبەران بن؟! باوەڕم وایە چۆن لەکێبڕکی یەکتریدا ڕۆژگارێک یەکێتی و پارتی بۆ ڕاکێشانی سۆزی خەڵکی، دەیان ڕێکاری ناوازەو سەیریان پەیڕەو دەکرد، ئێستا بەسانایی و هەڕەمەکی تەردو فەسڵی فەمانبەرو کارمەندو مووچەخۆرانیان دەکرد، لەو کارەشیان سڵیان لەهیچ نەدەکردەوە، وەلێ بۆ خۆیان لەهەموومان باشتر دەزانن بابەتەکە ئەوە

نییەو دەسەڵاتدارو حکوومەتەکەمان باش ئاگادارن ژیان و گوزەران و دەرامەدی زۆربەی خەڵکی لەسایەی ئیدارەدانی خراپی ئەوانەوە لەژێر پلەی خەجاڵەتیدایەو ماڵی هەزاران مووچەخۆرو فەرمانبەرو پێشمەرگەو ئاسایش و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و خەباتکەری دێرین هەیە، تەنانەت فایەق بێکەس وتەنی دزیش لەڕووی نایەت سەربەماڵیان دابکات، چونکە دزەکە هیچی ئەوتۆی بەدەستەوە نایێت و خەجاڵەت دەبێت. کەوابێت ئەی هۆکاری ئەو قەرزدارییە چییە؟ و لەچی؟ و لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟و ئەو هات و هاوارە بێ مانایە، ناوەختە چییە؟ و بەڕاست ئایا چارەسەرەکان لەکوێ دان؟ ڕەنگە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە کەمتر بەلای دووبارە کردنەوە قسانەوە بچم، چونکە جیالەوەی هۆکارەکانی وەکو ڕۆژی ڕووناک دیارن، پێشووتریش لەوتاری لێرەوە پێشم، کەم و زۆر، باسم کردوون لەدووبارەکردنەوەیان لزوم نابینم. تەنها ئەوەندە هەیە ئاماژەیەک بەبەهەدەردانی ئەو دەیان و سەدان و هەزاران دەفتەر دۆلارانە بدەم کەبۆ کاری لابەلاو بێ پێویست لەبوودجەی حکوومەت، بۆ بەرپرسان و بازنەی خنکێنەرەی دەوروبەریان لەکەسەنزیکەکانیان بەناوی سەفەرو خانووکردن و نەخۆشی و سەیارەکڕین و هاوکاریی و دەیان ناوی ترەوە دەردەچن.

دەمێکە هاووڵاتی و خەڵکی دەرەک بەوە دەکەن کەگرنگی و کاری حکوومەت و دەسەڵاتی ئێمە نابێت نەک وەکو چەند دەیەیەک بگرە هەرگیز ڕاست نییە ئەگەر وەکو چەند ساڵێک وەکو پێش ئێستاش بێت، کەچی تەواو بەپێچەوانەی ئەو خواستەی خەڵکی لەژێر ناوی بەنێودەوڵەتیبوونی دۆزی کوردەوە حیزبەباڵادەستەکان لەهەموو کات زیاتی لەخەڵکی و تەنانەت لەکادرو پێشمەرگەکانی خۆیان بێمنەتن!؟ ئەگەر بڕیاربێت دۆزی کورد بەنێودەوڵەتی بووبێت و بەو هۆیەوە سەرکردەکانی کورد هەر لەبیری پەیمانی ستراتیژی! نێوانیان دابن و منەتیان بەخەڵک نەمابێت؟! هەموو لێکدانەوەکانیان بەو ئاڕاستەیەدابێت، کەئەوە هێزو پشتیوانی نێودەوڵەتییە کورد دەپارێزێت، ئەگەرنا بەمەچەکی خەڵکی قەوارەی ئێستا ناپارێزرێ!! ڕاستییەکەی جیالەوەی ئەو ڕوانگەیە تەواو پێچەوانەیەو هەموو هێزو پشتیوانی دنیا ناتوانێت تەنها چەند کاتژمێرێک بەرەڤانی لەقەوارو دەسەڵاتدارانی کورد بکات ئەگەر هێزو سۆزو پشتیوانی و دڵی خەڵکی کوردستانیان لەگەڵدا نەبێت. گریمان ئەو ڕوانگەیەی دەسەڵاتی سیاسی کورد کەمێک ڕاستێشی تێدابێت، وەلێ پێویستە لەبەرامبەریشدا ئەو ڕوانگەیەش لەبەرچاو بگرن کە: پێوەری بەرگری و پشتیوانی کورد لەلایەن هێزی نێودەوڵەتییەوە بۆ نەتەوەی کوردو خەڵکی کوردستان بووە، بۆ پاراستنیان لەدەست دوژمنان، نەک پاراستنی سەکردەو حیزبەکان. لەڕاستی لامنەداوە گەربڵێم؛ پارسەنگی پشتیوانی دونیای دەرەوە لەکوردو کوردستان بەندە بەئیدارەدانێکی چاک و بەرگری لەمافی هاووڵاتیان لەلایەن حکوومەت و ڕێبەرو دەسەڵاتدارانی کوردەوە.

لەجیاتی ئەو هەموو نەهامەتیانەی خەڵک دەیان چێژێت، لەجیاتی ئەو دەست لەبینانەی بەگرتنی شادەمارەکانی ئابوورییەوە دەسەڵاتدارانی کورد لەبەرامبەر خەڵکی پەیڕەوی دەکەن، لەجیاتی ئەو هەموو فەرامۆشکردنەی خەڵکی و پێنەبەخشینی بچوکترین خزمەتگوزاری لەچاو ئەو داهات و پارەزۆریەدا، لەجیاتی ئوباڵی شکست و قەرزداری حکوومەت لەملی کارمەندو فەرمانبەرو مووچەخۆران ڕابکرێت، لەجیاتی ئەو عەزابە دەروونیەی بەردەوام بەمەترسی دوژمنان و دەیان بەهانەی ترەوە دەکرێت، باشترنییە حکومەت و دەسەڵاتدارانی ئێمە کەمێک بەکارو هەنگاوەکانی خۆیاندا بچنەوەو ئاوڕێک لەچەمکی هاووڵاتیبوون بدەنەوەو پرسیارێک لەخۆیان بکەن، ئایا لەدنیای دیموکراسی و پێشکەتوودا باوی ئەوە ماوە؟ بەرپرس و بەردەستەنزیکە گوماناوییەکانیان هەرچی ئیمتیازی وڵات هەیە، بەئاشکراو بەدزی، بەڕەواو ناڕەوا، بۆخۆیان و ئەوانەی مەبەستیانە پاوانی بکەن و سووکە مووچەیەکی هاکەزاییش، بەبەلاش و لەڕێگای خوا نا، بەڵکو لەبەرامبەر کارو ماندووبوون و پابەندبوون بەدەوامدا، بەخەڵکی بدەن و دەیان و ئینجاش هەزران نازو منەتیان بەسەردا بفرۆشن و بەردەوام عەزابی دەروونیان بدەن؟! ئێ خۆ نەک لەوڵاتانی دیموکراسی و پێشکەوتوو، بگرە لەهەندێک وڵاتی دەوروبەریشمان خەڵک فەرمانبەریش نین و پابەندی دەوامیش نین، وەلێ لەزۆربەی بارەکاندا حکوومەت و دەسەڵاتەکانیان بێ ئەوەی عەزابی دەروونیان بدەن و منەتیان بەسەردا بکەن!؟ بێ ئەوەی

بێ ئاو کارەباو بێ سووتەمەنی بن، حکومەتەکانیان دەیانژێنن.

ئایا بەڕاست دەسەڵاتدارانمان دەیانەوێت خزمەتی میللەت بکەن، وەکو بەردەوام بەقسە بانگەشەی بۆ دەکەن؟ یان ئەو بانگەشانە، پەردەپۆشی ئەو خێرا بەتاڵان بردنەی سامان و پارەی وڵاتن؟ ئەوانەش قەیناو نۆشی گیانیان بێت، بەغیلیان پێ نابەین، بەڵام ئەی ئەو هەموو لێدوانە نابەرپرسیارانە چین؟ دڵی خەڵکیان پێ تەنگ دەکەن؟! کەی لەدنیاو تەنانەت لەوڵاتە دیکتاتۆرییەکانیش باوی ئەو نایەکسانییەی لای ئێمە ماوە؟ کە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی حیزب، وەزیرێک یان پەرلەمانتارێک، یان کەس و کاری سەکردەکان، یان هەندێک کارمەندی و کادری دەزگاتایبەتییەکان، مانگانەو ساڵانە عەرزە وەربگرێت! و بۆ نەشتەرگەریەکی جوانکاری ( برۆ )ی ژنی، یان کچەکەی، تا چەوری زیادەی برۆیان لابرێت!و ڕوخساریان جوان بنوێنێ، چەند دەفتەر دۆلار لەپارەی حکوومەت، لەتاران و عومان و ئەنقەرەو..و.. بەیەکجار لێ سەرف بکرێت؟! چەندان جاریش دوای نەشتەرگەری سەردانی دکتۆر لەپایتەختە ڕازاوەکانی وڵاتانی دەوروبەرمان بکاتەوە، بەڵام لەبەرامبەریشدا ژنە شەهیدێک یان خێزانێکی بێ باوک، کە (5–7) منداڵی وردو هەرزەکاری بۆ بەخێوکردن بەملەوە بێ و سەرەڕای کاتەکانی دەوامی لە پێش (8) بەیانی تا دوای (3)ی دوا نیوەڕۆ لەفەرمانگەیەک ( بێ خواردن و تەنانەت خواردنەوەی چایەکیش ) لەدەوام دابێ و مووچەکەشی بە (4) مانگ بایی کرێ خانووی دوو غورفە نەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی نەخوێندەوارە، حکوومەت و بەرپرسی خزمەتکاری میللەت، هەڕەشەی دەرکردنی لێ بکات؟! جورئەتی حکوومەت و وەزیرەکان، بەتایبەت ئەو شەکر شکاندنەی وەزیری ئاوەدانکردنەوە( عیماد ئەحمەد )بۆ بڕینی مووچەی فەرمانبەران لەپەنای نەبوونی بڕوانامەوە کارێکی هێندە بەدە، لەقسەی خەڵکی تێکۆشەرو بەوێژدان و تەنانەت بەرپرسێکی بەردەستی سەددامیش ناکات.

مادەم قسە لەسەر نەخوێندەواری بێت، پێویستە باسی ئەوە بکەم کە: ئەگەر هەموو کەفائەتێکی جەستەیی و عەقڵی لەمرۆڤە سەندرایەوە، متمانەی بەخشین لەکار، بەبەڵگەنامەی قوتابخانەکان بەسترایەوە، ئەو بەڵگەنامانەی یەکێتی و پارتی خۆیان بۆ هەزران کادرانی خۆیان ساختەیان کردوون، یان خۆیان ڕێگایان پێداون بڕوانامەی سەختە دروست بکەن و لەپەناوە، یان پێیان دابمەزرێن، یان پێیان بخوێنن، یان دەیان خەڵک لەپەنای دوو ئیدارەییەوە بەساختە دروستیان کردوون و ئێستا خۆیانیان لەحکوومەت و حیزب پێ دامەزراندووە. دەبێت بەجورئەتەوە ئەوەش بڵێم کە؛ لەسەرۆکی وڵاتەوە تا سەرۆکی حکوومەت و زۆربەی وەزیرو پەرلەمانتارو ئەندام سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسییەکان و بەڕێوبەرە گشتییە هەمەکارەکانی وەزارەت و بەهەزران کادری دەستڕۆیشتووی حزبی و حکوومی و لەشکری، هەڵگری بڕوانامەی خۆێندن، یان بەلایەنی کەمەوە خوێندنیان لەبەکالۆریۆس ڕەتی نەداوەو، کەچی ئەو بێ بڕوانامەیەش هەرگیز یەکسان نەکراوە بەوەی نابێت مووچەی بەرزو دەرماڵەو پۆست و پلەو نازانم چییان پێ نەبەخشرێت؟ یان پلەیان لێ وەربگیرێتەوە، یان هەر هیچ نەبێت پلەکانیان دابەزێنرت. ئێمە وەزیرو بەرپرسێکی زۆرمان هەس، کەبڕیاردەرو هەمەکارەی وڵاتن، وەلێ بەقەدەر کچە سکرتێرە جوانەکانیان (کەتەنها لەبەر ڕوخسار جوانی و نەرم و نیانی کراونەتە سکرتێر) خاوەنی بڕوانەی بەرزی خوێندن نین! ئەی ئاخۆ ئەمەیان چەنی بەچەند؟!

ئازادانی دەروونی خەڵکی بەگشتی و مووچەخۆرو فەرمانبەران بەتایبەتی، بەقسەی نابەرپرسیارانەی بەرپرسان، پاشماوەی عەقڵیەتی ئاغاوات و خوێنمژو دەرەبەگەکانی پێشانە، دەرهەق بەکرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش و لەگەڵ مەبدەئی بەرپرسی دڵسۆزو خەباتکارو خۆ بەپێشمەرگەزان ناگونجێت و نایەتەوە. لەدونیای ئەمرۆدا خودی ژیان بۆ یەکسانی لەبەکارهێناندا بەخێرایی هەنگاودەنێ و زۆری بەرهەمەکان و کێبرکێ کۆمپانیا گەورەو بچوکەکان دەرفەتێکی ناوازەی بەمرۆڤەکان لەسەراپای گۆی زەوی بەخشیووە. گەر کەسێک پارەی هەموو دنیای هەبێت، ناتوانێت من و تۆ لەبەرهەمەکانی شۆڕشی پیشەسازی و تەکنۆلۆژی و زانستی و زانیاری بێبەش بکات. لەنموونەدا پێویستە بڵێم؛ کێ هەیە ئێستا لەم سەردەمەدا شۆفێری نەزانێ و نەتوانێ ماشێن باژوێت؟ ئاخۆ ئەو کەسانە چەند کەنەزانن تەلەفۆن بەکاربێنن یان نەتوانن خاوەن تەلەفۆنی

دەست و باخەڵی خۆیان بن؟ ئەی کۆمپیوتەر؟ خۆ ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت کومپیوتەریش بکڕێت، دەیان ڕێگا هەن کەفێربوونی ئەو ئامێرەت بۆ ئاسان دەکەن. من و تۆو هەموو مرۆڤەکان لەبەکارهێنان و هەبوونی ئامێرەکانی تەلەفزیۆن و سەتەلایت و ڤیدیۆو...و...و... هاوبەشین، تۆ کەخاوەن پارەی تەنها جیاوازیەکەت ئەوەیە دەتوانی دوا مۆدیل و گرانبەهەیەکانی بکڕی و بەکاربێنی، بەڵام هەرگیز ناتوانی دەست و چاوی من ببەستی تامن نەتوانم دەستەبەر، یان لایەنی کەم فێری بەکارهێنانی ئامێرەکانی دنیای ئێستا نەبم. هەموو ئەو ڕوانگەو کارانەش پێویستە دەرکی سیاسی بەرپرسانی کوردی بەدواوەبێت و لەو یەکسانییەوە کەکاڵاو ئامێرە سوودبەخشەکان بۆ تاکەکانیان فەراهەم کردوون، کاری بەجێ و ڕێگای شیاو بۆ دابەشکردنی سامانی وڵات بدۆزرێتەوە.

هوشیاری خەڵکی و بەدەست خستنی زانیارییەکانی هەموو کون کەلەبەرەکانی ژیان مرۆڤ و کەون و کائیناتی ئەرزو ئاسمان، پێناسەیەکی نوێی بەمرۆڤ بەخشیووە، ئەو دەسەڵات و حکومەتانەی دەرکی ڕاستەقینە لەو بابەتە نەبەن و سات بۆ سات و ڕۆژ بۆ ڕۆژ ئەزموونی بەهاداری لێ وەرنەگرن، ئەگەر سندوقەکانی دەنگدانیش بەهۆی ساختەکاری دەنگی دەنگەران و پەیمانە ستراتیژییە دووقۆڵی و چەند قۆڵییەکان، نەتوانێت دەسەڵاتێکی خۆسەپێن وەلانێت، حوکمی مێژوو دەیان جار سەلماندویەتی و بەتەجروبە ساغبۆتەوە ڕیگای تر زۆرن بۆ وەلانانیان.

2007/7/14